سەرکایەتی پەرلەمان هاوخەمی بە شەهیدبوونی خامنەیی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئێران دەردەبڕێت



ئەمڕۆ یەکشەممە،سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران،پرسەو سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی ئێران کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی بەرپرسی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، سەید "عەلی خامنەیی" و ژمارەیەک لە سەرکردە ئێرانییەکان.

سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، تیایدا ڕایگەیاندووە: بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی بەرپرسی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران "سەید عەلی خامنەیی " و ژمارەیەک لە سەرکردە ئێرانییەکانمان پێگەیشت.

ئاماژەی بۆ شکردووە: لەم کەستە گەورەیەدا سەرخۆشی لە گەلی بەڕێزی ئێران دەکەین و جەخت لەسەر هەڵوەستی نەگۆی عێراق دەکەینەوە کە داوای ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و پێنابردن بە ئامرازە ئاشتیانەکان دەکات کە یاسا نێودەوڵەتییەکان پەسەندیان کردووە، بە جۆرێک کە گەلانی ناوچەکە لە هەشتنی خوێنی زیاتر و زیانەکان بپارێزێت و ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی بپارێزێت.